# شەش پەرلەمانتارەکەی پەرلەمانی کوردستان چیان لە هۆڵەنداوە بردەوە بۆ کوردستان؟

ڤینۆس فائق
هۆڵەندا

جێی دڵخۆشیم بوو ئەو ڕۆژەی سەردار دۆسکی ، کوردی دڵسۆزی ئەندامی چالاکی ناو پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی پەیوەندی پێوەکردم و داوای لێکردم بچمە دیدەنی ئەو شەش ئەندام پەرلەمانەی ڕۆژی 17ی جەنیوەری لە کوردستانەوە لەسەر بانگهێشتی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی گەیشتنە هۆڵەندا ، تا لە نزیکەوە شارەزای ئەزموونی دیموکراسی ئەورووپیەکان ببن ، و بەتایبەت ئەزموونی هۆڵەندیەکان لەگەڵ پراکتیزەکردنی دیموکراسی بەتایبەت لەناو هۆڵی پەرلەماندا .

ئیدی بەیانی ڕۆژی سێهەمی سەردانەکەی شاندەکە 19ی جەنیوەری گەیشتمە دیدەنی هەر شەش پەرلەمانتارەکەی پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە (لە فراکسیۆنی سەوز نیعمەت عەبدوڵڵا ، مەزهەر کاکی هیران ، بەکری حاجی سەفەر و فراکسیۆنی زەرد حمەعەلی تۆفیق و سیروان کاکەیی و لە فراکسیۆنی مۆر ساموئیل بنیامین) ، دیدەنیەکە لە ناو بینای ژووری یەکی پەرلەمانی هۆڵەندیدا بوو، کە بە باوەڕی من جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئەو بینایە و ئەو بینایەی هەر پێی دەوترێت پەرلەمان نەک لە کوردستان بەڵکە لەهەموو وڵاتانی ئەو دەڤەرە ، بەوەی کەوا لێرە هەموو کات بۆت هەیە سەردانی ئەو بینایە بکەیت و پێشوازیت لێبیکرێت بێ ئەوەی گومانی هیچ شتێکت لێ بکریت ، لەگەڵ جیاوازیەکی تر کە کاک نیعمەتیش سەرنجی بۆی چوو ئەویش ئەوەیە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا و باوەڕم وایە پەرلەمانەکانی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەتا سەرۆک پەرلەمان یان هەر کەسێکی دانیشتنێکی ناو پەرلەمان شتێک بخوێنێتەوە هەموو ئەوانی تر دەبێت قڕوقەپ دەم داخەن و گوێ بگرن وەکوو قوتابی خوێندنگاکانی لای خۆمان و چرکەیان لێوە نەیەت ، لەکاتێکدا لەناو پەرلەمانی هۆڵەندیدا ، نەک هەر بۆت هەیە قاوە و چاش بخۆیتەوە و هەر کاتێک ویستت بچیتە دەرەوە ، بۆت هەیە هەر گوێش نەگریت ، چونکە لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندا حوکم لەناو میللەتەوە هەڵدەقوڵێت ، بەو پێیەش تاک دەسەڵاتی هەیە و بۆی هەیە نارەزابێت و گوێ بگرێت و گوێش نەگرێت ، بەڵام لە وڵاتانی دەڤەری خۆرهەڵات کە هێشتا خۆری دیموکراتیەتی لێ هەڵنەهاتووە ، بۆت نیە وەک ئەندام پەرلەمانیش هەموو کات نارەزا بیت ، یان بۆت نیە دووجار بەدوای یەکدا لەدژی بڕیارێک دەنگ بدەیت ، یان هەر بۆت نیە بچیتە دەروە ئەگەر کەسێکی تر دەقی پرۆژەیەک بخوێنێتەوە.. ئێمە با جیاوازیەکان بە چاویلکەی پێشکەوتن و دواکەتنی زانستی و جیهانگیری و تەکنەلۆجیا وپیوانەکانی سەردەم لێک نەدەینەوە ، دەنا زۆر لەدواوە دێین ، با جیاوازیەکان لەناو عەقڵەکانەوە هەڵسەنگێنین و لێکیان بدەینەوە ، لەو گۆشەنیگایەوە کەوا

ڕۆشنبیر وتاکی کورد جۆرێکن لە مرۆڤ هەمیشە توانای فێربوون و گونجاندن و کتێب خوێندنەوە و شارەزای هەموو ئەزموونە ئەدەبی و سیاسیەکانی دونیان لەرێی کتێبەوە ، بەو پێیەی دیموکراتیەت بۆ نمونە پرۆسەیەکە هیچ کات پەیوەست نەبووە بە پێشکەوتن و دواگەتنی زانستی و سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیاوە ، پرۆسەی دیموکراتیەت پیوەندی هەیە بە عەقڵ و قەناعەتی کەسێکەوە ، خۆتۆ بۆ ئەوەی دیموکراتی بیت پێویستت بەوە نیە ئامێری پێشکەوتوو بەکار بێنیت کە لە ئەوروپا دەست دەکەون و لە کوردستان یان لە عیراق بۆنمونە دەست ناکەون ، پرۆسەی دیموکراتیەت پەیوەندی هەیە بە ویستی دەسەڵاتەکەوە کە تاکەکان بەرجەستەی دەکەن ، ئایا ئەو دەسەڵاتە دەیەوێت دیموکراتی بێت یان نا؟ بەباوەڕی من وەڵامی ئەو پرسیارە رەنگی تەڵخ قبوول ناکات ، یان ئا یان نەء ، ئایا ئەتوانێت بەیەکسانی سەیری هەمو چین و توێژەکانی میللەت بکات یان نا؟ ئایا هەموو مافەکانی مرۆڤ ئەتوانێت یان ئەیەوێت دەستەبەر بکات ، لەوانە مافی ئەندامانی پەرلەمان بە ویستی خۆیان لەناو هۆڵی پەرلەماندا دانیشن و را دەربرِن و وتوویژ بکەن ، ئایا لەتوانایدایە هەموو پلەو پایەکان بەیەکسانی بەسەر میللەتدا دابەش بکات یان نا؟

بەهەر حاڵ گوێم گرت لە چالاکیەکانی شاندە کوردستانیەکە و لەبەرامبەردا قسە و باسی هۆڵەندیەکان ، هەتا ئەو کاتەی (تینی کۆکس)ی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندی و سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی لە ناو پەرلەماندا و مامۆستای یاسا لە زانکۆکانی هۆڵەندا و ئەندامی دەستەی راوێژکاری یاسایی ئەوروپی لەناو پەرلەمانی ئەوروپیدا ، ئەو کاتەی تینی کۆکس گفتی خۆی دا بە ئەندامانی شاندەکە بەناوی خۆی و پارتەکەیەوە کەوا ئەو ئامادەی هەموو جۆرە پشتگیری و هاریکاریەکە ئەوان بیخوازن و داوای بکەن ، بەو پێیەی ئەو سەردانە بەمەبەستی دروست کردنی پردەکانی پەیوەندیە ، ئیتر هەر پەیوەندیەک لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی هۆڵەندی و سوود بینین لە ئەزمونی دیموکراتی ئەوروپیەکان کە سەدان ساڵ لەمەوبەر بناغەکەیان داکوتاوە ، بۆ ئێمە کە هێشتا نازانین ئەو بناغەیە لەکوێ داکوتین.

بەهەر حاڵ ئەوەی من لە سەردانەکەی شاندە کوردستانیەکە تێبینیم کرد ئەوەبوو ئەوان کەوتبوونە بەراوردێکی هیلاکئامێزەوە لە نێوان ئەوەی لە هۆڵەندا و لەناو هۆڵی پەرلەمانی هۆڵەندیدا دیتیان و ئەوەی لە کوردستان لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا روو دەدات ، و جیاوازی ‌نێوان میکانیزمی کاری رێکخراوەیی و کاری سیاسی ناو پەرلەمان لە هۆڵەندا و هەروەها لە کوردستان ، بێگومانم لەوەی یەک دونیا جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو پەرلەمانەکەدا ، بەڵام ئەوەی لام گرنگ بوو ئەوەبوو ئایا ئەوان کاتێ لە کوردستانەوە بەرِێ کەوتن بەرەو هۆڵەندا بۆ بینینی پەرلەمانی هۆڵەندی و شارەزابوون لە ئەزموونی ئەوروپیەکان لەگەڵ پرنسیپی دیموکراتیدا بیریان لە چی کردبووە و چ شتێک لە مێشکیاندا بوو و چ نەخشەیەکیان بۆ سەردانەکەیان کێشابوو؟ پلانی نووسراویان چیبوو؟ ئینجا ئەوەشی لەوە گرنگتر بوو لام ، ئایا ئەوان ئەو رۆژەی بەرێکەوتن لە هۆڵەنداوە برۆنەوە بۆ کوردستان چیان لەگەڵ خۆیان بردەوە ، چ سوودێکیان بینی لەو سەردانە ؟ و چیان نووسیبۆوە لەسەر کاغەزەکانی بندەستیان؟

بەباوەڕی تاکەکەسی خۆم ، سەردانێکی لەو جۆرە سوودی دەبوو بە شێوەیەک لە شێوەکان ، ئەگەر بە شێوەیەکی تر نەخشەی بۆ بکێشرابا ، بەڵام بەهیچ پێوانەیەک هیچ ئامانجێک ناپێکێت ئەگەر بەو جۆرە بەرچاو و زەقە بچووکترین مافی خۆی نەدرابوویە لەلایەن راگەیاندنەوە ، و تا ئەو رادەیە راگەیاندنی نوێنەرایەتی دوو حیزبەکە کەمتەرخەم بوون لەگەڵ سەردانێکی لەو جۆرە ، بەواتایەکی تر هیچ هەڵمەت و ریکلامەیەکی رۆژنامەوانی پێشتر ساز نەدرابوو بۆ سەردانی شاندەکە بۆ هۆڵەندا ، لەلایەن هیچی لە مەڵبەندی دەرەوەی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نووسینگەی ئەوروپای رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، هیچ خۆ سازدانێک نەکرابوو بۆ تەنانەت گەیاندنی هەواڵی گەیشتنی شاندەکە بە کەناڵەکانی راگەیاندنی هۆڵەندیەکان و ئاگادار کردنەوەی هۆکانی راگەیاندنی هۆڵەندی لە سەردانەکە و دواتر کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی چ لە دەرەوە و چ لەناوەوەی کوردستان ، هەموو ئەوەی کرا ئەرکی تایبەتی تاکەکەس بوو ، هیچی بە داواکاری راگەیاندنی رەسمی ئەو دوو حیزبە نەبوو لە هۆڵەندا ، دەنا هەر لەوە نەدەچوو شاندەکە هیچ پەیوەندیەکیان بەو دوو حیزبە و دەزگای راگەیاندنی ئەو دوو حیزبەوە بووبێت لە هۆڵەندا ، تەنها ئەرک پێی هەستان هەردوو حیزبەکە لە هۆڵەندا داوەت کردنی شاندەکە چەند جارێک بۆ نان خواردن بوو ، لەگەڵ سیمینارێک کە کۆمیتەی هۆڵەندای یەکێتی نیشتمانی رێکی خست ئەویش بە کەمتەرخەمیەکی بەرچاوی دەزگای راگەیاندنەوە..

ئەوەش دەگەڕێمەوە دەیبەستمەوە بە پرۆسەی دیموکراتیەتەوە ، بەو سیستم و عەقڵیەتەی داوای دیموکراتیەت دەکات و دروشمەکانی وەکو ئاو و دۆ لەبەرە و بەڵام ناتوانێت پراکتیزەی بکات ، ئەو دیموکراتیەتەی کە هێشتا هیچ کتێبێکمان لەسەر نەخوێندۆتەوە ، کەچی کردوومانە بە سروود و دەڵێینەوە و وەکوو دووکەڵی سیغار دەیکەین بە ئاسماندا ، دەنا گرنگترین پرسیارم بەباوەڕی خۆم لە شاندە کرد ، کەچی وەڵامم نەدرایەوە ، ئەویش ئایا ئەوەی بینیان لە ئەزمونی دیموکراتی لە هۆڵەندا کە نمونەی پێشکەوتووترین وڵاتی ئەوروپیە لە پیادە کردن و پراکتیزە کردنی هەموو بنەماکانی دیموکراتیەت ئایا ئەو ئەزموونە کە سەدان ساڵە بنەما و بناغەکەی داکوتراوە و ئیستا نەوە لەدوای نەوە بەرجەستەی دەکەن ، ئایا دەشێ هەروا بیگوێزینەوە ناو کوردستان و بڵێین فەرموون ئەوە دیموکراتیەتە بێ ئەوەی بناغەیەکی بۆ داکوترابێت ؟ بەداخەوە هیچی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نەیویست (ئەڵێم نەیویست) وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە لەگەڵ ئەو پرسیارەی سەردار دۆسکی لە سیمینارەکەدا کردی سەبارەت بەوەی لە مێشکی ئەواندا بوو پێش ئەوەی بێنە هۆڵەندا و ، ئینجا ئەوەی ئیستا لە مێشکیاندا گەڵاڵە بووە پاش ئەوەی ئەڕۆنەوە بۆ کوردستان و کەس نەیویست (ئەیڵێمەوە نەیانویست) وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە پاش ئەوەی منیش جارێکی تر دووبارەم کردەوە لە کۆتایی سیمینارەکەدا.

پاشان دێمە سەر داواکاریەکان کە بریتی بوون لە:

دروست کردنی پردێک لە پەیوەندی لە نێوان هەردوو پەرلەمانی هۆڵەندی و کوردستانی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی هاریکاری و پشتگیری لەهەموو بوارەکانی پەرلەمانی و سیاسی و

ئیکۆنۆمی و تەنانەت مەشق و لەسەر ئاستی زانکۆکان و بوارەکانی تری خوێندن ، و هەروەها دام ودەزگا تایبتمەند و رێکخراوە مرۆیی و ناحکومیەکان.
هەروەها خاڵێکی تری گرنگ کە بە جەختەوە باس کرا و داوای کرا لەلایەن شانەدکەوە جەخت کردن بوو لەسەر مەسەلەی کەرکووک و گرنگی جێبەجێ کردنی خاڵی 58 ی دەستووری کاتی عیراق ، و زامن کردنی پشتگیری پێش وەخت بۆ ئەوەی ئەگەر کورد جارێکی تر دووچاری شکستێکی تری سیاسی بۆوە پشتگیری پەرلەمانی ئەورووپی و هۆڵەندی زامن کەن ، و دۆزینەوەی رێگەچارەی شارستانی بۆ دۆزی کورد و دەستەبەر کردنی مافەکان بەتایبەت مافی دەسنیشانکردنی چارەنووس بەرێگەی یاسای نێو نەتەوەییدا .
یەکێ لە داواکاریەکانی تری شاندەکە دەستەبەر کردنی هاریکاری و پشتگیری دارایی بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و باشتر کردنی ژیان و گوزەران لەناو کوردستاندا و دەستەبەر کردنی یارمەتی دارایی لە پەرلەمانی ئەورووپی بۆ بنیادنانەوەی کوردستان. جگە لە دەستەبەر کردنی پسپۆر و شارەزا و تایبەتمەند لە بواری راوێژکاری و پشتگیری سیاسی بۆ زەرەرمەندەکانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە.
ئەمانە هەر هەمووی کاری دڵخۆشکەر بوون ، بەو پێیەشی ئەو جۆرە سەردانە یەکەمین هەنگاوە و یەکەمین ئەزموونە لەبواری پەوەندیەی پەرلەمانی نێوان دەوڵەتاندا ،
بەڵام ئەگەرێمەوە ئەپرسم ، بەو عەقلیەتەی هێشتا کورد کاری رێکخراوی پێدەکات چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی کوردستان دەشێ سەردانێکی لەو جۆرە لەسەر ئاستێکی لەو جۆرە هیچ ئاکامێک بپێکێت؟ ئایا دەبێت چیبکرێت؟ تۆبڵێیت دیموکراتیەت هەموو ئەوانە بێنێتە دی ، یان جێبەجێ کردنی هەموو ئەوانە دیموکراسیەت دەهێننە دی ، داخوا کامیان دەبێت پێش کامیان بکەوێت؟
دەبێت کورد چیبکات بۆ ئەو کێشەیە ؟ ئایا دەبێت لەپێشا باوەڕ بە دیموکراتیەت بهێنێت ئینجا هەنگاوەکانی بنێت ، یان چاوەڕێ بکات دیموکراسیەتی بۆ دەستەبەر بکرێت ، و پاشان باوەڕێ پێبهێنێت ، و دوای ئەوەی هەنگاو بنێت ، یان داخوا سەردانی وڵاتانی دونیا بکات و سواڵی ئەزموونی دیموکراتی بکات هەتا فێر ببێت دەسەڵاتی دیموکراسی چۆن دەبێت ، هەروەک ئەوەی چۆن پارچە و کەرەسەی ئۆتۆمۆبیل لەدەرەوە دەکڕدرێن و لە کارگە ناوخۆییەکاندا دروست دەکرێن ، هەرواش پارچەکانی دیموکراسیەتیش لە پەرلەمانەکانی ئەوروپا ئەکڕین و لەناو کوردستاندا لەیەکێ لەکارگەکاندا ئەیدەین لەیەک و ئەیخەینە بازاڕەوە ، ئەو کاتەش باوەڕم وایە کەس نایکڕێت..